# فەرهەنگی دواكەواتوانەی دیوانی چاودێری دارایی، لێكچونێك لەگەڵ فەرهەنگی پۆلیسی (ئێرانو سعودیە)ی ئیسلامی

زمناكۆ عزیز

لــەژمارە ٣٩٩ی ڕۆژی یەكشــەممەی ٢٠٠٨/٢/٢٤ی ڕۆژنامــەی هــاوڵاتی، هەواڵێك لەسەر دیوانی چاودێری دارایی بڵاوكراوەتەوە كە پوختەكەی بریتیە لـە: دیـوانی چـاودێری دارایـی جلوبـەرگی فەرمانبـەرە كچـەكانی كـرد بـە زەی موحەد، بەخاتری ئەوەی كە بـەربگرن بـە لەبـەركردنی پـانتۆڵو تـەنورەی كـورت، كچـانی فەرمانگـەش لەبەرامبـەردا ناڕەزایەتیان بەرامبەر بڕیارەكە دەبڕیوە.

مەسـەلەی بـەرگرتن بـە ئـازادی جلوبـەرگ پۆشـین، فەرهـەنگێكی دواكەوتوانــەی پیاوســالارانەی ناموسپەرستانەیە كـە فەرهـەنگێكی دژیـوی دژە ژنـی سـەدەكانی ناوەڕاستەو تائێسـتاش نوێنـەرانو داكۆكیكـارانی ماونو ئـەبینرێن، تەنانـەت لەدەوڵـەتانی كۆنەپەرسـتی وەك سـعودیەو ئێـرانو هاوشـێوەكانیاندا پۆلیسـی "ئـاداب" و "نهی عن المنكر"یان بۆ دامەزراندوەو، ئەوەتا دیوانی چاودێری داراییش نایەوێ لـەو كاروانـە دوابكـەوێو بڕیـاری زەی موەحـــەدیان بەســـەر كچـــانی فەرمانگەكەیاندا فەرز كردوە.

دیوانی چاودێری دارایی بچێت بـەلای كـاری خۆیـەوە باشـترەو دەروازیـەك بدۆزێتەوە بـۆ دەرچـونو دەربازبوون لـەو هەموو چاوپۆشیانەی كە ڕۆژانەئـەكرێتو دیوانەكەیان بەرپرسە لـە وەڵامدانـەوە بـە زۆرێك لەو مەسەلە گـرنگو حەیاتیانـەی كە پەیوەنـدییان بەگەنـدەڵیو ڕووتانـەوەو دۆشینی دوا دڵۆپی داهاتەوە هەیە، نـەك ببێتـە دیـوانی چـاودرێری درێـژیو پـانی پانتۆڵو تەنورەی ئافرەتان. ئـەوە نـەكاری ئـەوە، نەئـەوانیش ئـەو مافایـان هەیـە بڕیـاری لەوشـێوەیە دەربكـەن، ئـەوە دەخالـەت كـردنو خۆهەڵقورتانـە لـە تایبەتمەنـدیو شـتە شەخسـیەكانی كەسـەكان. كـە بێـدەنگ بـوون لەبەرامبەریـداو پشـتیوانی نـەكردنی كچـانو ژنـانی فەرمانگەكـە، دەرگـا بـۆ فەرز كردنی حیجابیش ئەخاتە سەرپشت و، لەولاشـەوە "حكومـەتە سـاوا تەمـەن ١٧ساڵیەكە"شمان مێشێك میوانی نیەو وائەزانێ دیوان مـافی دەركردنـی بڕیـاری لەو شێوەیەی هەیە.

ئەم مەسەلەیە نابێت هەروا بەئاسانی بەسـەر ئیـدارەو دەسـەڵاتو حزبـەكانو ڕێكخراوەكـانی ژنـانو كۆمەڵگـەی مەدەنیـدا تێپـەڕبێت، نابێـت ئـەو فەرمانبەرە كچو ژنانـەی دیـوانی دارایـی تـەنیا بهێڵینـەوە، مەسـەلەكە جدییـەو بەبێ لایەنی سیاسـیو هانـدانی سیاسـی مومكن نیـە بڕیـاری لـەو شـێوەیە فـەرز بكرێـتو ئـازادی جـل پۆشـین، كەسـەرەتایترین مـافی ئینسـانە بـەدیوانێكی كـەم سـەلیقەی كارنەكـەری وەك دیوانی چاودێری دارایی بدرێت. تازە كـاتی دەركردنـی بڕیارەكـەش هاوكاتـە لەگـەڵ ئامادەكـاری ژنـانو پیـاوانی یەكسانیخوازو مەدەنی بـۆ پێشـوازی لـە ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان.

هەڵوەشـانەوەی ئـەو بڕیـارە ئـەركی سـەرجەم ئـازادیخوازانو لایـەنگرانی مافـەكانی مرۆڤـە، هاوكـات دادگـایی كردنی دەركـەری بڕیارەكـەو لێپێچینەوە لـە هۆكارەكـانی پشـت دەركردنـی ئـەو بڕیارە، زامنـی دوبارە نەبونەوەیـەتی لـە دیوانەكانیترو دەزگاكـانیتری حكومەتـدا.



هەرئەمـەش ئـەبێت بكرێتـە یـەكێك لـە دروشـمە سـەرەكیەكانی ٨ی مارسی ٢٠٠٨و خواسـتی بـە یاسـایی كردنـی بەسـەر دەسـەڵاتداراندا ئـەبێت فـەرز بكرێت.

# مۆدێلێكی تر، لە پەیڕەوكردنی (دیموكراسی) لە كوردستاندا!

بەشدار علی Bashdar_net@yahoo.com

كەم دەسەڵات و حكومـەت و حیزبـی دونیا هەیە كـە ڕاستەوخۆ كاربكـات بـۆ دورستكردنی جیـاوازی و نـا یەكسـانی و شەڕ و ئاژاوە و نا ئارامی، كەم دەسەڵات و حكومـــەت هەیـــە ڕەفاهیـــەت و خۆشگوزەرانی و چارەسەركردنی كێشـە و گرفتـــەكان و دابـــین كردنـــی خزمـەتگوزارییـەكان و مافـە فـەردی و مەدەنیـەكان نەخاتە چوارچێوەی كـار و پرۆژەكـانی و بـەڵێنی گـەورە گـەورە تەخشـان و پەخشـان نـەكات لـە ڕاگەیاندنەكانیانـــدا. دەســـەلات و حكومـــەتی كـــوردی و ئـــەحزابی ناسونالیسـتی كـوردیش لـەم بارەیـەوە زۆریـان گـوت و زۆرمـان بیسـت، بـەلاّم ئەوەی لە واقعی وەزع دەگوزەرێ شتێكی ترە و كار و پرۆژەكـانیش ڕوویـەكی تـری نیشانداوین واتـە ئـەوەی گـوتراوە شـتێك بوو ئەوەشی كـە خوێندراوەتـەوە شـتێكی ترە، لەژێر بەهانەی (ناسكی ئەزمونەكـە و ساوای حكومەت)شانی خۆیان لە دابـین كـردی سـەرەتاتیترین پێداویسـتیەكان خالی كردۆتەوە، لەبەر كـاری (تیرۆرسـتی و ئـاژاوەگێری)ڕێگـە بـە بچـوكترین ناڕەزایەتی و كۆڕ و كۆبوونەوە و ڕێپێـوان نادەن، لە ژێر سەردێری (ڕێزگرتن لە داب و نەریت)مێشـكی هـەزارەها لاوی كـچ و كوڕیان ئاخنی و هەزارەها مرۆڤیان ناچار بە خۆكوژی كرد، لە دوا مۆدێـل و ڕێگـا بۆ دەمكوت كردنەوەی دەنگـە جیاواز و نارازییەكان ڕاپێچ كردنیانـە بـۆ دادگـا و لێكۆڵینـــەوە، گوایـــە نوســـەران و ڕۆژنامەنوســـان بـــە نوســـینەكانیان ڕاستیەكان ئاوەژوودەكەنەوە و ئەزمونەكە لە باردەبەن و ئەمنیـەتی خـەڵك دەخەنـە مەترسیەوە!

مـاوەی چـەند مانگێكـە كۆمـەڵێك نوسـەر و ڕۆژنامـەنوس ئەوانـەی كـە دەستیان پێیان دەگـات لەلایـەن كـەس و دامودەزگـا حكـومی و حیزبیـەكان، سكالاٌیان لەسەر تۆمـار دەكرێت و پـۆل پۆل بەرەو دادگاكان ڕاپێچیان دەكەن.

ڕێگا و شێوازی سەركوت و دەمكـوت كردنەوەكانی خەڵك بەگشتی و ڕۆشنبیران و سیاسـیەكان بـە تایبـەت، زۆر گیرایـە بەر، موڵك و سامانی هـەموو كۆمـەڵگا خرایـــە خزمـــەتی جـــوانكردنی ناشـیرینیەكانیان، بـەلاّم خۆشـبەختانە نـەیانتوانی، چـونكە ناشـیرینیەكانیان هێندە زۆرە ناتواندرێ پەردەپۆش بكرێ و زیـادەڕۆیی بەرپرسـەكانیش هـەموو سنوورێكی بەزاند و هۆشیاری خـەڵكیش لـــە ئاســـتێكە لاپـــەڕەی ســـپی دەخوێنێتەوە!، لە لێدان و ڕفاندن و ترس و تۆقاندنیش مەلەف گـەلێكی بـێ كۆتـا لەبەردەسـتدایە، ئەمجارەشـیان گوایـە دیموكراسیەكەیان گەیشـتۆتە لوتكـە بـە ڕێگـای(یاسـاوە) دەسـتەمۆمان دەكـەن و دەرگای زیندانیان لێ گرتوین.

هەموو ئەو ڕۆژنامەنوسانەی لەم چەند مانگەی ڕابردوودا ڕاپێچی دادگا كراون و داوایـان لەسـەر تۆمـار كـراوە، لـە نوسینەكانیاندا باسیان لـە گەنـدەڵی و ڕاووڕوتـی بەرپرسـان و بـە هـەدەردانی سامانی خەڵك كـردووە (كـە ئەمـە هـیچ كە تەنانەت خۆشیان نـاتوانن نكـۆڵی لێ بكـەن)، باسـیان لـە نـەبوونی خزمـەتگوزاریـە سـەرەتاییەكان كـردوە، ڕەخنەیان لە نەبوونی یاسا و دەستورێكی مۆدێرن گرتووە، نیگـەرانن بەرامبـەر بـە فەرهـەنگی زاڵـی نێـو كۆمـەڵگا و بەرتەسك كردنەوەی ئازادییەكانی تاك...

ئەگـــەر ئاشـــكراكردنی ڕۆتـــین و گەندەڵیەكان، داواكردنی ئـاو و كارەبـا و سـوتەمەنی و ڕێگاوبـان، بـاس كردنـی پێشـــهاتە مەترســـیدارەكان و ئاگاداركردنـەوەی دەسـەلاتێكی خـەوتوو لێی، ڕەخنـەگرتن و تـور هەڵـدانی پیسـترین داب ونـەریت، داواكردنـی یاسـایەكی پێشـكەوتوو كـە مـافو ئازادییـــەكانمان دەســـتەبەربكات و حورمەت وشەخسیاتمان بپارێزێ، دەست ڕاگەیشـتن بـە ئامێرەكـانی سـەردەم و بەهرەمەند بوون لە خانووبـەرەی گونجاو، بوونی سیستەم و پرۆگرامێكی مەدەنی و شارسـتانی و ئینسـانی كـە مێشـكی ئینسانەكان ئازار نەدات و دەیانی تر...، زیادەڕۆیی و نا ڕاستگۆیی و سوكایەتی و تێكـدانی ئەمنیـەت و ئاسایشـی خـەڵك بێـت!! ئـەوا بـۆ هـەر كەسـێك لـە ئێمـە جێگای شانازییە كە هەر هەفتـەی چەند جارێك بچێتە دادگا و پەیڕەوكردنی ئـەو دیموكراسـیەش بـا پـیرۆزی دەسـەڵات و حكومـەتێكی سـەیر و سـەمەرەی وەكـو ئـەوەی كوردسـتان بێـت، چـونكە ئـەو كردەوانـە تـەنها لـە دەسـەڵاتێكی نـا مۆدێرن و تۆتالیتی و تاكڕەوی كاولكـار، دووبارە دەبێتەوە.



# شەپۆلێكی تر لە ناڕەزایەتیو خۆپیشاندانی خوێندكاران چەند زانكۆیەكی ئێرانی گرتەوە




ناڕەزایـەتیو خۆپیشـاندانی خوێنـدكارانی زانكـۆی شـیراز لـەدژی سەرۆكی زانكۆ كە بە گەندەڵیو ڕاووورووت تاوانباری دەكەن، هەروەها بۆ باشكردنی خۆراكو شوێنی حەوانەی خوێندكاران پێی نایـە هەفتـەی دووەمیەوە. ئەم ڕۆژانە خوێندكارەكان بەردەوام بـوون لـە خۆپیشـاندانو شـیعاردان لــەدژی صــادقی ســەرۆكی زانكــۆو ڕایانگەیانــدووە تــا دەستلەكاركێشـانەوەی سـەرۆكی زانكـۆ دەسـت لـە خۆپیشـاندانەكانیان هەڵناگرن. گـرنگترین شـیعارەكانی خوێنـدكاران بریتیـە لـە: "صـادقی، صـادق ئیسـتقالە ئیسـتقالە"، "فەرمانـدەی سـەربازگە ئەمـە ئـاخرین پەیامە، بزووتنەوەی خوێندكاری ئامـادەی ڕاپەڕینـە"، "بانگەشـەكەری دادپەروەری، خەجالەت خەجالەت".

هەروەها نزیكەی هەفتەیەكە كە چەند هەزار خوێندكاری زانكۆكـانی شـاری شـاهرود دەسـتیان داوەتـە مـانگرتنو خۆپیشـاندان لـەدژی بەڕێوەبـەرێتی زانكۆكـانو داوای بـەجێهێنانی خواسـتە سنفیـیەكانیان ئەكەن، وەك باشـكردن خـواردنو چارەسـەركردنی كێشـەكانی خوێنـدنو خۆبـواردنی سـەرۆكایەتی زانكـۆ لـە جێبـەجێكردنی خواسـتەكانی خوێندكاران.

جێگـەی باسـە كـە لـەڕۆژی ٢٠٠٨/٢/١٦داو لەسـەر داوای خوێنـدكارانی ئـازادیخوازو یەكسـانیخوازو لـەپێناوی ئـازادكردنی ئـەو دەیـان خوێنـدكارەی كـە بـۆ مـاوەی (٣) مـانگ دەچـێت بـەتاوانی بـەرپاكردنی خۆپیشـاندانی هێمنانـە لـەزانكۆكانی ئێرانـدا دەسـتگیرو بەندكران، هەزاران كەس لە دەیان وڵاتی ئەوروپاو ئەمەریكاو كەنەدا بۆ پشتیوانی لە خواستە ئازادیخوازانـەكانو داوای ئـازادكردنی خوێنـدكارە گیراوەكان هاتنە سەر شەقامەكانو خۆپیشاندانیان سازكرد.

# لەبەدواداچونێكدا لەسەر كێشەی پەنابەرانی كورد دەشتی جەمال سكرتێری فیدراسیۆن، سەردانی كوردستان دەكات

بەمەبەسـتی تـاوتۆێكردنی كێشـەو گیروگرفتـەكانی پەنابـەران لـەدەرەوەو گێرانـەوەی بـەزۆری پەنابـەران بـۆ كوردسـتان، دەشـتی جـەمال سـكرتێری فیدراسـیۆن بەسـەردانێك گەیشـتەوە كوردستان. لەیەكەمین ویستگەكانی ئـەم سـەردانەدا دەشـتی جـەمال سـەردانی ڕێكخـراوی مـافی مـرۆڤ و پەرلـەمانی كوردسـتان و ڕێكخـراوی لاوان كـرد و چاوی بەچەند ئەندام پەرلەمانێك كەوت:

ڕۆژی ١٧-٢ بـەڕێز (شـاد محەمـەد) بەرپرسـی ڕێكخـراوی تواناسازی لاوانـی كوردسـتان دیـدارێكیان بـۆ (دەشـتی جــەمال) ســكرتێری فێدراســیۆنی سەراسـەری پەنابـەرانی عێراقـی لـە پەرلـەمانی كوردسـتان لەگـەڵ بـەڕێزان (شەوقی حسێن، محمد فرج ئەحمەد، ئەسعەد شـاكر ئـەمین) بەرپرسـیارانی لیجنــەی مــافی مــرۆڤ و ئەنــدامانی پەرلەمان سازدا.

لەم دیـدارەدا دەشـتی جـەمال لەسـەر ڕەوشی پەنابـەران لـە هانـدەران وكێشـەو گیرو گرفتەكانیان بە درێژی قسـەو باسـی كـرد، هـەروەها لەسـەر نامەیـەك كـە ئاراســتەی پەرلــەمانی كوردســـتان و سەرۆكی حكومـەتی هـەرێمی كوردستان سـەبارەت بـە هاوكـاری حكومـەتی هەرێمی كوردستان و خستنە ئیختیـاری فرۆكەخانـەی نیـو دەوڵـەتی هـەولێرو دەستگرتن و یارمـەتی دانـی گێرانـەوەی پەنابـەران لەلایـەن حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان بەدەلیلـەوە بـۆ ئامادەبوان باسـلێكرد و لەبەشـێكی تـری قسـەو باسـەكاندا لەسـەر ئاكامـە زیانبارەكـانی ئەم سیاسـەتە بـۆ سـەرژیانی پەنابـەران و كەسوكاریان لەكوردستان خسـتە ڕوو، وە سەرەنجام داوای كرد لیجنەی مـافی مـرۆڤ لەپەرلەمان لەگەڵ چەند پەرلەمانتاری تر داوا بكـەن لەحكومـەتی هـەرێم چـاو بخشێنێتەوە بەم سیاسەتە ودەست بـەجێ دەست لە هـەرجۆرەهاوكاری و یارمـەتی دانیكی وولاتە ئەوروپیەكان كـەدیپۆرتی پەنابـەرانی كـوردی بـەدواوە دەبێـت ڕابگیرێت .

بەرپرسـی لیجنـەی مـافی مـرۆڤ لـە پەرلەمانی كوردستان ڕای گەیانـد ئـەوان تـەواوی پشـتیوانی خۆیـان لـە كارەكـانی فیدراسیۆن دەكەن لەهاوكاری و یارمـەتی دانی پەنابەران و ئەوان بـەهیچ شـێوەیەك لەگەڵ ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران نین بۆ كوردســـتان وبریاریشـــە لەگـــەڵ بەرپرسیارانی حكومـەتی هەرێم كۆببنەوە ولەم پەیوەندەشدا فیدراسیۆن هەموو ئـەو بەڵگەو راپۆرتانە بخاتەبەردەم ئەم لیژنەیە تا بكرێتە بابەتی كۆبوونەوەكانیان لەگەل بەرپرسـیارانی حكومـەتی هەرێمـدا. وە ئەگەر حكومـەتی هەرێم ڕازی نەبوو ئـەوە ئـەم مەسـەلەیە دەبریتـە پەرلەمانـەوە و داواش دەكرێت سكرتێری فیدراسیۆن لـەم كۆبوونەوەیەدا ئامادەبێت. شایانی باسـە ئەم سەردانە لەلایەن دەزگای ڕاگەیانـدنی پەرلەمانەوە هەواڵەكەی بلاٌوكرایەوە .

هـــەمان ڕۆژ بەرپرســـی فیدراســـیۆن لەبنكـەی ڕێكخـراوی تواناسـازی لاوانـی كوردستان لەگەڵ بـەڕێز (شـاد محەمـەد) كۆبوونـــەوە، ئامـــانج لـــەم كۆبوونەوەیـــە سازدانی دیـداریكی تایبـەت بـوو لەگـەل بەرپرسـی فیدراسـیۆن لەسـەر كێشـەو گیروگرفتـــەكانی لاوان لەكوردســـتان و لەهانـــدەران. وەك پێشـــەكیەك بـــۆ فلیمێكـی دۆكیمێنتـاری كـە لەلایـەن ڕێكخراوی ناوبراوەوە ئامادە دەكرێت.

- ڕۆژی ١٨-٢ وەفـــــدێكی فیدراسیۆن كە پێك هـاتبوو لـە (دەشـتی جەمال، بەشدار عـەلی) چاویان كـەوت بـە بـەڕێز (تەحسـین قـادر عـەلی) وەزیـری حكومەتی هەرێمی كوردسـتان لەشـاری هەولێر، لەم دیدارەدا وەفـدی فیدراسـیۆن لەسەر بارودۆخی پەنابەران و كێشەكانیان و دەوری حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان بەدرێژی قسەو باسیان كرد.

بــەڕێز تەحســین قــادر ئەوپــەری پشتیوانی خۆی بۆ كارەكـانی فیدراسـیۆن نیشـان داو ڕای گـەیان بـەهیچ شـێوەیەك لەگەڵ ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران نین و ئـــەو مەســـەلەیەیان لەكۆبوونـــەوەی ئەنجومەنی وەزیران باسكر[دووە و ئـەوان بـەهیچ شـێوەیەك لەگـەڵ ناردنـەوەی بەزۆری پەنابەران نین بۆ كوردستان ...

ڕۆژی ١٨-٢ وەفـدێكی فیدراسـیۆن كـەپێك هـاتبوو لـە (دەشـتی جـەمال، بەشدار عەلی) لـە وەزارەتـی مـافی مـرۆڤ چاویان كـەوت بـە بـەڕێز (دكتـۆر شـوان) وەزیری مافی مرۆڤ لەشاری هەولێر.

لەم دیدارەدا وەفدی فیدراسیۆن لەسەر كێشـەكانی پەنابـەران و پێشـێلكاری مافەكانی مرۆڤ بەرامبەر بە پەنابـەرانی كورد لە دەرەوەو ناردنەوەیان بە فرۆكـەی سـەربازی و كەلەپچـەو ومامەڵـەی حكومەتـەكانی ئـەوروپا بـە حكومـەتی هـەرێم بـە كێشـەی پەنابـەران باسـكرد داوایـان كـرد ڕێكخـراوی مـافی مـرۆڤ هەڵوێسـتی هـەبێ و دەوری بەرچـاوی هەبێت لەفشار خستنە سەر حكومـەتی هـەرێم و ناڕەزایـەتی دەربـرین بـە حكومـەتی بـەریتانیا لـەم پێشـیلكاریانە بەرامبەر مافەكانی مرۆڤ.

بەڕێز دكتور شوان ڕایان گەیاند ئـەوان پێشتر نامەی سكرتێری فیدراسیۆن كە بۆ سـەرۆكی پەرلـەمانو پەرلـەمانتارەكانی كوردسـتان نێـراوە لەگـەڵ یاداشـتێك ئاراسـتەی ئەنجومـەنی وەزیـران كـردوەو داوی لێكولینەوەیان كردوە لـەو بارەیەوە وینەی ئەم نامـەیان ڕەوانـەی فیدراسـیۆن كردوە، هەروەها لە كارەكانی فیدراسـیۆن پشتیوانی خۆیان نیشان داو داوایـان كـرد فیدراسـیۆن كیتـابێكی ڕەسمـی ئامـادە بكات لەسەر ڕەوشی پەنابەران و چونیتی ناردنەوەیان تا ئـەوان هەڵوێسـتی خۆیـان ئاراستەی حكومـەتی هەرێم بكـەن و لـەو بارەیەوە نامـەی ناڕەزایـەتیش ئاراسـتەی قونسلیەی بەریتانیا دەكەن لە كەركوك.

- هەمان ڕۆژ وەفدی فیدراسیۆن لە ئەنجومـەنی وەزیران چـاویان كـەوت بـە بـــەڕێز (دینـــدار زێبـــاری) بەرپرســـی پەیوەنـدێكانی حكومـەتی هـەرێم لەگـەڵ ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان.

لەم چاوپێكەوتنەدا وەفدی فیدراسیۆن لەسەر كێشەكانی پەنابەران و هەڵوێسـتی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان و نەتـەوە یـــەكگرتووەكان قســـەو باســـیان كـــرد، نامەیـــەك كـــە ئاراســـتەی ســـەرۆكی حكومـــەتی هـــەرێمی كوردســـتان كـــراوە پێیدرا داوایان لێكرا كەحكومەتی هـەرێم هـیچ یارمـەتیـەك پێشكەشـی وولاتـانی ئەوروپا نەكات سـەبارەت بـە ناردنـەوەی پەنابەران..

بـەڕێز (دینـدار زیبـاری) ڕای گەیانـد بـــەهیچ شـــێوەیەك لەگـــەل ناردنـــەوەی بەزۆری پەنابەرانی كـوردی عێراقـی نـین لـەو بارەیـەوە لەسـەر نامـەی سـكرتێری فیدراسیۆن لەگـەل سـەرۆكی حكومـەتی هەرێمی كوردستان بـاس دەكـات و بـەم زووانـــە مـــوقفی حكومـــەتی هـــەرێمی كوردستان لەو بارەیەوە ڕادەگەیەنرێت.

وەفـدی فیدراسـیۆن داوای عەمـەلی كردنەوەی بریارێكی وا ی كرد كە لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە دەربچێ

.. **سكرتارێتی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی**
٢٦-٢-٢٠٠٨

**IFIR:PO.BOX1575,ILFOD, IG1 3BZ,
LONDON UK
Tel:0044 7856032991
00447895636633,0041787557786,004799387599,
003584404464905
ifir2007@yahoo.com
d.jamal@ntlworld.com
www.csdiraq.com**